# ئ بلال، هست قامت ب ب نو، خمونمان ب بهو

له سالم کوڕی ئەبی جەعدەوە دەڵێت: پیاوێک ووتی: خۆزگایە نوێژم بکردایە وخەمڕەوێن بوومایە، خەڵکی بەهۆی ئەم قسەیەوە سەرزەنشیتان کرد، ئەویش ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- که دەیفەرموو: «ئەی بیلال، هەستە قامەت بکە بۆ نوێژ، خەمڕەوێنمان بکە بەهۆیەوە».
[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پیاوێك له هاوەڵان ووتی: خۆزگایه نوێژم بکردایه وخەمڕەوێن بوومایه (ئیسراحەتم ئەکرد)، ئەوانەی لەدەوروپشتی بوون ؛ ڕەخنەیان لێگرت لەسەر ئەم قسەیە، ئەویش ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- که دەیفەرموو: ئەی بیلال! بانگ بدە وقامەت بکە؛ بۆئەوەی بەهۆیەوە خەمڕەوێن بین. -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی فەرموو چونکە نوێژکردن یادی خوای گەورەی تێدایە وپاڕانەوەیە لەپەروەدگار، وهەروەها هێمنی ودڵنیاییە بۆ ڕۆح ودڵ ودەروون.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65095

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee